# مەسعود پزیشکیان باسی لە پلانەکانی حکومەتەکەی بۆ بەڕێوەبردنی ئێران لە چوار ساڵی داهاتوودا دەکات



مەسعود پزیشکیان ئەمڕۆ پێنجشەممە لە وتووێژێکی لەگەڵ میدیای نووسینگەی پاراستن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی عەلی خامنەیی، باسی لە پلانەکانی حکومەتەکەی بۆ بەڕێوەبردنی ئێران لە چوار ساڵی داهاتوو کرد.

پزیشکیان سەبارەت بە پێوەرەکانی هەڵبژاردنی ئەندامانی کابینەکەی، سیاسەت و ڕێبازە گشتییەکانی حکومەتی لە چوار ساڵی داهاتوودا بۆ پاراستنی ئارامی ئێران و دوورکەوتنەوە لە گرژییەکان قسەی کرد.

سەرۆکی هەڵبژێردراو ئێران مەسعود پزیشکیان، وێڕای ڕوونکردنەوەی پێوەری گشتی بۆ هەڵبژاردنی وەزیر و ئەندامانی کابینەکەی، ڕایگەیاند: دوای مەراسیمی دەستبەکاربوونی، زۆرترین هەوڵ دەدرێت بۆ ناساندنی کابینەکە بە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی لە زووترین کاتدا بۆ بەدەستهێنانی دەنگ و متمانە.